کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
1-3-2007 18:24 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## گەوج بە زریکە ترس دەر دەبرێ و ژیر بە هێمنی!*... برایم جەهانگیری

چەند رۆژ لەمەو بەر نامەیەک لە ژێر ناوێ " نامەی 87 خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران " بلاو بۆوە و منیش وەک کەسێک لەو کۆمەلگا پر کێشەو هەرایەی کوردەواری دا چەند دێرێک بۆ چوونی خۆمم لەسەر نووسی و لەراستیش دا تەنیا بۆ ئەوەی کێشەکان جارێکی دیکە توند و تیژ نەبنەوە زۆر نەچوومە نێو قوولایی بابەتەکەوە، هەر بۆیە زۆر بە کورتی چەند سەرەنجیکم لە سەر نووسی، کەچی بەرێزێک بە نێوی کامەران رەسوولی لە مالپەری حەمید و مالپەری پێشمەرگەکان دا لە ژێر ناوی "ولامێک بۆ برایم جەهانگیری" دا کۆمەلێ تانە و تەشەری لەپال یەک داناون و وەک ئەوەی بەو نووسینە ترسێکی لێ نێشتبێ یان سرپێکی لێ ئاشکرا بووبێ هاواری لێ بلیند بووە و" شەلم کوێرم هێچ نابوێرم" چی لە دلی داهەبووە بەرامبەر بەمن هەلی رشتووە. دیارە هەر ئەو نووسینە منی هێنایە سەر ئەو باوەرەکە هێندێ لە کەمو کورتییەکانی دیکەی ئەو نامەیە باس بکەم و ئەمجار زیاتر لە سەر نامەی 87 خوێندکار برۆم و ئەو بەرێزەش دلنیا دەکەمەوە بە هیچ جۆرێ مەبەستم لەو نووسینە ولامی هیچ کام لە تانەو تەشەرەکانی ئەو نییە بە تەما نیم ولامیشی بدەمەوە. چوونکە ئەساسەن من کێشەیەکم دەگەل هیچ مرۆڤێکی ئەم گۆی زەوییە نییە و ئەگەر لەو بارەوە شتێک لە ئارا دا هەبێ، ئەوا جیاوازی بیرو بۆچوونە و بەس.

روون و ئاشکرایە کە لە نوسراوەکەی پێشووم دا من زۆر بە راشکاوی گوتوومە کە ئەو نامەیە شانۆ نامەیە و دەسکردە و کۆمەلی خوێندکاریش بە گشتی ناتوانێ لە لایەن کۆمەلی خوێندکارییەوە شتێکی لەم بابەتە بنووسێ، و لە راستی دا ئەگەر بە دیدێکی واقێعی و مەنتیقی بروانینە مەسەلەکە دەکرا ئەگەر ئەو نامەیە لە لایەن ئەو 87 کەسە و لە لایەن کۆمەلی خوێندکارییەوە دەنووسراو دەنێردرا لانی کەم بکوترایە لە لایەن بەشیک لە کۆمەلی خوێندکاریەوە نووسراوە!چوونکە نەتەنیا 87 کەس بەلکوو 870 کەسیش ناتوانێ لە لایەن کۆمەلی خوێندکارییەوە نامەیەکی لەم چەشنە بنووسێ و بە نوێنەرایەتی لە کۆمەلێ خوێندکارییەوە تەنیا کۆنگرەی 13 بە مەشروع بزانێ و پشت گیری لە رێبەرایەتی هەلبژیراوی کۆنگرەی 13بکا!ئایا لە کوردستان دا هەر تەنیا ئەو دووبالەی حیزبی دیمۆکرات هەن کە کۆمەلی خوێندکاری یەکیان بە شۆرشگێر و ئەوی دیکەیان بە ناشۆرشگێر بزانێ و بەم چەشنە باسێان بکەن:هێندێ لە رێبەرانی حیزب بێ ئەوەی کە لە فیکری دۆزینەوەی میکانیزمێکی باشتر دابن، رۆژ لە دوای رۆژ دیاردەی دزێوو ناشیرینی وەك (جەناح و جەناح بازی، ناوچەگەرایی‌و. . . لە نێو ریزەکانی حیزب دا تەقویەت دەکراو رێبەرانی حیزب، دوژمنی ئەسلی‌و موبارزەی راستەقینەیان لەبیر کردبوو تا ئەوەی کە بە ئیستلاح (ناودارانی حیزب) حیزبیان تووشی ئینشعابێکی دی کرد.

کێن ئەوانەی جەناح و جەناح بازییان کردووە؟ ناوچەگەراییان دەحیزب دا پەرە پێداوە؟ئایا 87 کەس کۆمەلێ خوێندکاری بۆ بە راشکاوێ رەخنە ناگرێ ونالێ کێن ئەوانەی جەناح و جەناح بازییان کردووەو؟کێین ئەوانەی ناوچەگەراییان پەرە پیداوە و حیزبییان تووشی ئەم رۆژە کردووە؟ بەلام دەتوانێ بلێێ: تا ئەوەی کە بە ئیستلاح (ناودارانی حیزب) حیزبیان تووشی ئینشعابێکی دی کرد؟کۆمەلێ خوێندکاری ناتوانێ و نابێ ئەو حەقە بە خۆی بدا کە وا بە راشکاوی دیفاع لە لایەنێک بکاو لایەنەکەی دیکە وا پێناسە بکات! دیارە دەکرێ بەشیک لە کۆمەلی خوێندکاری راو بۆچوونی وابێ و دەگەل هاورێیانی بەرێز کاک مستەفا هیجرێ و باقی دۆستانی دیکە دابێ وبە دلنیاییەوە هەر وایە و بەشیک لەو کۆمەلگایە دەگەل ئەو بەرێزانە دایە و ئەو کارەش نە تاوانە و هیچ عەیبێکی هەیە بەلکوو مافی بەی ئەم لاو ئەولای هەموو کەسە کە چۆن بیر بکاتەوە و لەگەل کام بیروکەو سیاسەت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دابێ، بەلام ئەم لایەنە ناکرێ ناوی کۆمەلگای خوێندکاری بێ؟!دیارە ئەگەر ئەو نامەیە کە بەم شێوەیەی دیفاع لە رێبەرایەتی کۆنگرەی 13 دەکات هەر بەم جۆرەش دیفاعی لە هاورێیانی ئیمە و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان واتە ئەو چەند نەفەرەی بە وتەی کۆمەلی خوێندکاری لە حیزب "دەرچوون"کردبایە من هەر ئەو بۆ چوونەم دەبوو کە ئێستا هەمە و تەواو دژی ئەو نامەیە دەبووم، ئەو کەسانەی دیفاع لە نامەیەکی لەم چەشنە دەکەن نە تەنیا هیچ خزمەتێک بە بزووتنەوەی خوێندکاری ناکەن بەلکوو بە دلنیاییەوە زەبری کارگەری لە جەستەی دەدەن. ئێمە دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە نە لە کوردستان دا و نە لە ناو بزووتنەوەی خوێندکاری دا تاکە مەیدان دار و تاکە سوار نین بەلکوو خەلکانی دیکەش هەن کە رەنگە هیچ کام لەم دوو بالەی حیزبییان هەرقەبوول نەبێ و ئەوانیش لەبەشیکی کۆمەلگای خویندکاری دا وەک بەشەکانی دیکەی کۆمەلگای کوردەواری خاوەن دەنگن! کە وایە پرسیارێک لیرە دا دیتە ئاراوە کە چونە بە ناوێ کۆمەلی خوێندکارییەوە نامەیەکی لەم چەشنە دەنووسرێ و بۆ سەرکردایەتی حیزب دەنێردری کە بەتەواوی دیفاع لە لایەنێکی مەسەلەکە دەکات و ئەوی تریش بە تاوانبار و ناوچە گەراو. . . . . . . . . . . . . . . . . .شتی لەم بابەتە تۆمەت بار دەکات.

دیارە بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی بەرێز کامەران رەسوولی من ماوەیەکی زۆر لە نزیکەوە دەگەل بزووتنەوە و کۆرو کۆمەلی خویندکاری و رووناکبیری لە کوردستان دا ئاشنا بووم و هەستاوم و دانیشتووم، هەر بۆیەش بە دلنیاییەوە دەزانم کە ئەو نامەیە رەنگە بۆچوونی بەشیکی کۆمەلگای خوێندکاری دەگەل بێ بەلام ناتوانێ روانگەی گشتی کۆمەلی خویندکاری کوردستان بێ. ئەو قسەیە بەو مانایە نییە کە من باوەرم بە کۆمەلی خوێندکاری نەبێ و ئەوان بەکەم بگرم بەلکوو بە دلنیاییەوە بە هێز ترین جوولانەوەی ئەمرۆکە لە کوردستان دا جوولانەوەی خویندکاری و رووناکبیرییە، هەر بەو دەلیلەش من پێم سەیرە کە لە ناو 87 کەس خویندکاری ئاگای زانکۆ دا کەس ئەو پرسیارانەی لە بەرێز سکرتێری گشتی حیزب نەکردووە:

1- حیزبێ دێمۆکرات لە سەر کام ئەساس و بنچینەو لە سەر کام رێککەوتن بەیاننامەی هاوبەشی دەگەل" پان ایرانیست"_ە کان بلاو کردەوە؟ئەگەر خوا خیر و نەزەری"پان ایرانیست"_ەکان لەژێر کارتێکردنی سەرکردایەتی حیزب گۆراوە و دانیان بە مافی گەلی کورد دا ناوە ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە ودەبێ خەلکی کوردستان لێی ئاگادار بێت، ئەگەر نا چۆن و بە کام پێوەر و پێوانە دەگەل رەگەز پەرەستترین و قین لە دل ترین کەسانی بەرامبەر بە کوردو کوردستان بێ هیچ رێککەوتنێک بەیانی هاو بەش بلاو دەکرێتەوە؟

2-"نامەی نەزمی ئەفشار"ئەو ناوە بۆتە زاراوەیەکی ئاشنا و هەر کە باسی نەزمی بکەی راست مرۆڤ وەبیر ئەو کەسە دەکەوێ کە هەلبژاردنی سفەتی رەگەز پەرەست بۆ ئەو گەلێ کەم و بێ ناوەرۆکە، ئاغای نەزمی ئەفشار لەو نامەیە دا لە جەغزی رەگەز پەرەستی دەترازێ و دەبێتە فکرو فەلسەفەی داگیرکاری، دەبێتە هەوێنی بیرۆکەی داگیر کردنی کوردستان لەو ناو گەلی تورک دا، ئەو بیرۆکەیە چەندە بۆ ئێمە هەرەشەو گورەشەیە و خەتەرناکە دوو ئەوەندە بۆ برایانی تورک لە داهاتوو دا دەردسەر ساز دەبێ، بەلام نامەکەی بەرێز کاک مستەفا هیجری و لە راستی دا ولامە یەکجار سادەو ساکارەکەی بۆ ئاغای نەزمی ئەفشار، ناوبراوی وەها تۆندو تیژ کردووە کە لەم دواییانە داو لە وتو وێژ دەگەل رۆژنامە نووس خالید محەمەد زادە دا لە جاران زیاتر هێرش دەکاتە سەر سمکۆ و بارزانی و ئالا و نەخشەی کوردستان، و لە بەشێکی ولامی پرسیاری کاک خالید دا کە دەپرسێ زۆرێك لەو ناوچانەی ئێوە بە ئازەربایجانی دەناسێنن لەلای کوردەکان بە بەشێکی بێ ئەملاوئەولای کوردستان دەزانرێ، ئەمەش لەبەرنامەی هەموو هێزە سیاسیە کوردیەکاندا گونجێنراوە، ئێوە رێبەرانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سیاسی ئازەربایجان چ بەرنامەێکتان بۆ چارەسەری ئەم واقعییەتە جوغرافیایی و مێژوویی و مرۆیی‌یە هەیە؟ دەلێ:

. . . . . . . . ولامی بوێرانە و سادقانەی جەنابی مستەفا هیجری، سکرتێری بەرێزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە نامەکەی من، ڕەنگە تەنیا بەلگەی دیپلۆماتیك و لۆژیکی لە لایەن حیزبێکی فەرمی کوردستان لەم سەردەمانەی دواییدا بێ. دەرەنجام وەرگرتن و هەلێنجانێك کە نەتەوەی ئازەربایجان لەم هەلسوکەوتە تێکەل بە پارادۆکسەی کە ڕێبەرانی کورد دەیکەن (واتا هەلسوکەوتی شیاو و دیپلۆماتیك لەگەل نەتەوە و ولاتانی دەوری جیهان و، هەلسوکەوتی دوژمنانە و زێدەخوازییانە لەگەل نەتەوەی ئازەربایجان و نەتەوەکانی دەورووبەر) ئەمەیە کە کوردەکان دیپلۆماسی لەگەل ولاتانی ئامریکا و ئورووپا و هتد، دەیانهەوێ لە راستای هەمان هەلسوکەوتی دوژمنانە و زێدەخوازانە دژی نەتەوەی ئازەربایجان بە کار بێنن و ئەگینا چ دەلیلێکی هەیە کە نەتەوەیەك کە وەك نەتەوەی ئازەربایجان لە سەرەتایی ترین مافە مرۆییەکانی خۆی بێبەش و هاودەردی نەتەوەی ئازەربایجانە، بە جێگەی یەکیەتیی لەگەل نەتەوەی ئازەربایجان، نەخشەی دەستکردی کوردستانی گەورە، لە خاکی مێژوویی ئەوان دا و، لە دژی بەرژەوەندییەکانیانی سازکردوە و چارەنووسی خۆی لە چارەنووسی نەتەوەی ئازەربایجان جوێ دەکاتەوە.

ئا لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئەو کۆمەلە 87 کەسییە بۆ یەکیان ولامی ئەو پرسیارەی بە شێوەی شەفاف! لە کاک مستەفا نەویستەوە؟ ئایا من هەقم نییە بلێم ئەگەر ئەوە نامەی کۆمەلی خوێندکاری کوردستان بێ کارەساتە؟ئایا کاک کامران ڕەسوولی لەجیاتی دەگەل من هاو بیرورا بێ تەنیا بەو دەلیلە کە بەرێزیان نامەکەی گەیاندۆتە دەست ڕێبەری حیزبی دێمۆکرات دەبێ چاو لە کەمو کوورییەکانی نامەکە بپۆشی و هەر بە چەپلەو ئافەرین جارێکی دیکەش و کارەساتێکی دیکە تووشی جوولانەوەی رزگاریخوازی کوردستان بکەن؟ئەگەرچی ئەو هەقی خۆیەتی نەک لە راست ئەو نامەیە بەلکوو لە راست زۆر شتی دیکەش چاو بقوچینێ، بەلام نابێ ئەو داوایە لە من بکات کە منیش وەک ئەو لەراست نا حەقییەکان بێدەنگ بم یان هەر هەمان بۆچوونم هەبێ کە ئەو لە سەر ناوەرۆکی نامەکەی "87 کەس کۆمەلی خوێندکاری" هەیەتی؟ ئایا تا ئێستا بیر لەو قسەیەی نەزمی ئەفشار کراوەتەوە کە چۆن نامەی سکرتیری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە دەولامی نامەیەکی ئاقای نەزمی ئەفشار داو لە کاتی خۆی دا نووسراوە دەکاتە یەکەم بەلگەی دیپلۆماتیک کە لە لایەن حیزبێکی ڕەسمی کوردستانی و سەبارەت بە خاکی کوردستان سنووری جوغرافییایی کوردستان بۆ ئەو ناردراوە؟ئایا سبەی ڕۆژێ ولە کاتی سەر هەلدانی کێشەکان دەگەل کەسانی وەک ئاغای نەزمی ئەفشار سەبارەت بە خاکی کوردستان من دەبێ شەرم دامبگرێ یان ئەو کەسانەی لەراست ئەو هەلەو هەلە کارییانە بێدەنگی هەلدەبژێرن و لەوەش بەو لاوەتر دەیان هەوێ خەلکانی دیکەش لە راست ئەو مەسەلەیە بیدەنگ بکەن!

3-بۆچی ئەو دۆستە خۆشەویستانە ئەو پرسیارەیان لە سەرکردایەتی حیزب بە گشتی نەکرد کە لەدوای کۆنگرەی 13، لە سەر نووسین و ڕەخنە گرتن لە تێکرای حیزبی دێمۆکراتی کوردستان سەبارەت بە قەبوول نەکردنی ئالو گۆر لە ناو حیزب داو هاو کات هێنانە گۆری پێشنیاری عەمەلی و بە کەلک، لەجیاتی بە خۆداچوونەوە و قەبوولی ڕەخنەکان، دەستیان کرد بە هەلپەساردن و گوشار خستنە سەر قەلەم بەدەستان و ڕووناکبیرانی ناو حیزب، دەستیان کرد بە پاکتاو کردن و تەسفییەی خەلکانی جودا بیر؟ ئایا کۆمەلی خوێندکاری خۆی یەکێک لە شێلگیرترین خوازیارانی ڕیفۆرم و گۆران نین و هەردەم لە سەفی پێشەوەی پاریزاران و داکۆکی کارانی ئازادی رادەربرین و ئازادی قەلەم نەبوون؟ ئەگەر وایە کە من گومانم لە پوزیتیف بوونی ولامی ئەم پرسیارە دا نییە، بۆ کەسێ ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پرسیارانەی ئاراستەی ڕێبەری حیزب نەکرد کە بەکام یاسای دیمۆکراتیک و بەکام پیوەری ئازادیخوازانە دەستتان کردووە بە دەرکردن و هەلپەساردن وتەسفییە کردن؟بۆ کەسێک لەو 87 کەسە ئەو پرسیارەی لە ڕێبەری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان نەکردکە بەکام هەق حیزبیان کردۆتە ملکی تایبەتی و بە کەیفی خۆیان و بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان و بۆ پاکانە حەسێوی شەخسی وەک ئەبزار کەلکی لێوەر دەگرن؟

پاشان ئەوەی کە لای من سەبارەت بەو نامەیە گومانی ئەوەی دروست کردووە کەلە لایەن خویندکارانەوە نووسرابێت ئەوەیە کە ئەدەبیاتی ئەو نامەیە هەمان ئەدەبیاتی و تەبلیغاتی ماوەی رابردووی لایەنی بەرێز کاک مستەفا هیجری یە، تەنانەت کۆتایی نامەکەش دیسان چەند پاتە بوونەوەی ئەو وشە سواو وبێکەلکانەن کە تەنیا لە ئەدەبیاتی ئەو هاورێیانە دا نەبێ لە هیچ کۆرو کۆمەل وهێزێکی سیاسی کوردستانی و ئێرانی نابیندرێ.

دەعوەتی شەرافەتمەندانە لەو کادیرو پێشمەرگانە کە دەرچوون، تا بگەڕێنەوە بۆ نێو حیزب (ئەوانەی نەگرێنەوە کە تووشی بێحورمەتی یان سووکایەتی و بە حیزب و ڕێبەرایەتیی گەلی کورد بوون) .

ئەوە دە حالیک دایە کە حیزبێ دیمۆکراتی کوردستان واتە ئەو کادرو پێشمەرگانەی کە بە قەولی 87 کەس "دەرچوون"ماوەی چەند مانگە زۆر بە جیدی هەموو هەولی خۆیان خستۆتە کار بۆ بووژاندنەوەو ڕێکخستنی تەشکیلاتەکانی حیزبی و لە سەرتاسەری کوردستان و دەرەوەی ولاتیش تێکۆشانی گەلێ بەرچاویان هەیە، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بێ ئەوەی خۆی بە کێشە لاوەکییەکانەوە خەریک بکات زۆر بە جیددی دە هەولی خۆ ئامادەکردن دایە بۆ بەرەنگار بوونەوە دەگەل دوژمنانی گەلی کوردستان دا. بەلام هەر بۆ ئاگاداری بەرێز کامران رەسوولی دەبێ بلێم کە دنیاکە ئیستا وای بەسەر هاتووە کە هەرکەس 2 دێری سەبارەت بە مەسەلە سیاسییەکان نووسی با خۆشی نەلێ کێیەو سەر بە کام پارت و لایەنی سیاسییە زۆر بە هاسانی دەر دەکەوی کە لایەنگری لە کێ دەکات ودەگەل کام بیرو بۆچوونە، لەلای ئیمەش هەر وایە ئەوانەی بە ئەدەبیاتی لایەنی بەرامبەر دەنووسن و شت بلاو دەکەنەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە دەگەل ئەو هاورێیانەن، ئەگەر بە ئەدەبیاتی ئێمەش قسە بکەن ئەوا دەگەل ئێمەن. من تەنیا یەک نموونەی بچووک دێنمەوە بۆ ئەوەی ئەو بەرێزە بزانێ ئێدی ئەمرۆکە خەلک لەوە وشیارترە کە نەزانێ ئەوەی بە حیزب دەلی لەت بووە دەگەل کێیەو ئەوەی دەلێ چەند کەسێک چوون دەگەل کێ؟ دیارە وەک پێشتریش ئامازەم پێ کرد دیفاع کردن لە هەرلایەن و حێزبێکی سیاسی هەقی بێ ئەم لاو ئەو لای هەر مرۆڤێکە و کەس ناتوانێ ئەم هەقە لە کەس زەوت بکات، بەلام خۆزگە ئەم دیفاع کردنە بێ پەردە و بێ شانۆگەری با. هیوا دارم ئەوانەی کە باس لە چونییەتی ڕەخنە گرتن وزانستی ڕەخنەگرتن دەکەن و خەلکی نەسیحەت دەکەن بریێک لە شیوەی ئەدەبیات ودیالۆگی بەسیجییەکان مەوودا بگرن و بە هێمنی و بێ دروشم دان بکەونە گفتگۆیەکی سالم و شارستانییەوە، لەجیاتی ئەو رستە تەشەر ئامێزەی ئادام ئیسمیت کە ئەساسەن بۆ باسیکی رەواننناسانە بە کار هاتووە ئەو رستەی ڤۆلدیر وەبیر خۆیان بێننەوە کە دەلێ:"من ئامادەم گیانیشم بخەمە مەترسییەوە تەنیا بۆ ئەوەی تۆ بتوانی باوەرەکەی خۆت کە دژی باوەرەکەی منە دەر ببری".

*سەر دێری ئەم بابەتە وتەیەکی رەسوول حەمزە تۆف_ە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.